Published on *Institute for War and Peace Reporting* (https://iwpr.net)



# پەشێوی پێویستیی عێراق بە ئەمریکا دەردەخات

**Author:** Abeer Mohammed

تەقینەوەکانی ئەم هەفتەیە و دانووستانە گرژەکان ئەوەیان دەرخست کە عێراق هەوڵ و کۆششێکی زۆری دەوێت تا لەژێر سێبەری ئەمریکا بێتە دەرەوە.
.

ئەم پێشهاتانە گومانیان خستە سەر خواستی حکومەتی عێراق و واشنتۆن کە ئاواتەخوازن عێراق بتوانێ کاروباری خۆی ببات بەڕێوە تاکو ئەمریکا بتوانێ سەربازەکانی بکێشێتەوە.

هەروەها ئەم پێشهاتانە درزیان لە هەڵمەتی دووبارە خۆهەڵبژاردنەوەی سەرۆك وەزیرانی عێراق نوری مالیکی دەرخست. مالیکی لە هەڵمەتەکەدا وەك سەرکردەیەکی بەهێز کە توانای بەرقەرارکردنی ئاسایشی لە عێراق و یەکسختنەوەی ئەو وڵاتەی هەیە دەرکەوتووە.

لە ٨ی کانوونی یەکەم، پێنج ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو لە نزیك چەند نووسینگەیەکی حکومی لە بەغدا تەقینەوە و زیاتر لە ١٢٠ کەسیان کوشت و ٥٠٠ کەسی تریشیان بریندار کرد. رۆژێك پێش ئەوە، پەرلەمانی عێراق لە دوا ساتدا یاسای هەڵبژاردنی پەسەند کرد و کۆتایی بە مشتومڕێکی قورسی چەند مانگە هێنا و بەمەش رێگا لەبەردەم هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق خۆش بوو.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشوازی لەو بەرەوپێشچوونە کرد و بەپێی راپۆرتەکانیش بەرپرسانی ئەمریکا هۆکاری تێپەڕاندنی بوون. ئەمریکا ئیدانەی ئەو تەقینەوانەی کرد کە دواتر روویاندا و نوێترینی زنجیرەیەك تەقینەوەی سەرسوڕهێنەرن کە چەند وەزارەتێك و نووسینگەیەکی حکومیان لە پایتەختی عێراق کاولکردووە.

دوابەدوای تەقینەوەکان، خەڵکی عێراق جارێکی تر ئیدانەی ئەو بەپرسانەیان کرد کە دوای کشانەوەی سوپای ئەمریکا بە شێوەیەکی رەسمی لە شەقامەکانی بەغدا لە هاوینی رابردوو کۆنترۆڵی شارەکەیان گرتۆتەدەست.

هەرچەندە واشنتۆن سوورە لەسەر کشانەوەی زۆربەی سەربازەکانی لە عێراق تا ناوەڕاستی ٢٠١٠، ئەو شیکەرەوە و سیاسەتمەدارەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە وتیان هێزەکانی ئەمریکا هێشتا پێویستن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەیIWPR عێراقیانی لەلایەن بەهۆی گەندەڵی و ناپاکی لەنێوان سوپا و پۆلیسی عێراقی دروست بووە.

هەروەها ئەوەشیان وت کە ئەمریکا وەك ناوبژیوانێك پێویستە بۆ گۆڕەپانی سیاسیی لاساری عێراق، هەروەك لەو گیرخواردنە دوورودرێژەی بەهۆی یاسای هەڵبژاردنەوە سەریهەڵدابوو دەرکەوت.

"رۆڵی ئەمریکا لە عێراق لە ئێستادا گرنگە، نەك تەنها بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش بەڵکو بۆ هێنانەکایەی ئۆقرەیی سیاسیش،" حەمید فازڵ، مامۆستای زانستی سیاسیبە لە زانکۆی بەغدا وتی. "خەڵکی عێراق چیتر باوەڕیان بە سیاسەتمەدارەکانیان نەماوە."

فازڵ ئەوەشی وت کە پاککردنەوەی هێزەکانی ئاسایش لە هاوکارانی یاخیبووان "کارێکی زەحمەت و درێژخایەنە" کە پێویستی بە یەکڕیزیی سیاسی هەیە. "مالیکی ناتوانێ ئەو ئەرکە بەتەنها جێبەجێ بکات،" ئەو وتی.

عەبدوڵڵا جەعفەر، مامۆستای خانەنشینی زانستی سیاسییە، وتی مشتومڕی یاسای هەڵبژاردن یارمەتی دەرخستنی ئەمریکییەکانی وەك ناوبژیوان دا، "خەڵکی لە هەواڵەکان خوێندیانەوە کە سەرۆکی ئەمریکا یان نێردراوەکەی هانی سیاسەتمەدارانی عێراقیان داوە یاسای هەڵبژاردن پەسەند بکەن تا لەو کۆسپە رزگاریان بێت."

له‌ هه‌مان كاتدا، جه‌عفه‌ر وتی، "سیاسه‌تمه‌دارانی عێراق پیشانی خه‌ڵكیان دا كه‌ ناتوانن ئه‌م وڵاته‌ به‌ته‌نها به‌ڕێوه‌ ببه‌ن."

كاریگه‌ریی ئه‌مریكا

هه‌ڵبژاردنی داهاتووی په‌رله‌مانی عێراق كه‌ له‌ دوای هه‌ڵبژاردنی ٢٠٠٥ یه‌كه‌م هه‌ڵبژاردنه‌ له‌سه‌رتاسه‌ری وڵات ئه‌نجام بدرێ، سه‌ره‌تا بڕیابوو له‌ كانوونی دووه‌می ٢٠١٠ به‌ڕێوه‌بچێ. به‌ڵام به‌هۆی ناڕه‌زایه‌تیی تونده‌وه‌، سه‌ره‌تا له‌ لایه‌ن كورد و دواتر عه‌ره‌بی سوننه‌، په‌سه‌ندكردنی ره‌شنووسی یاساكه‌ دواكه‌وت.

ناڕه‌زایه‌تیی به‌رامبه‌ر به‌ یاساكه‌ سه‌ره‌تا به‌هۆی پارێزگای كه‌ركوكه‌وه‌ بوو. هه‌روه‌ها به‌رپرسانی كورد و عه‌ره‌بی سوننه‌ به‌سه‌ختی له‌سه‌ر ژماره‌ی كورسییه‌كانی په‌رله‌مانی فراوانبووی عێراق كردیان به‌ شه‌ڕ و جێگری سه‌رۆك كۆماری عێراق تاریق هاشمی ڤیتۆی خۆی به‌كارهێنا له‌دژی یاساكه‌.

له‌ كۆتاییدا یاساكه‌ له‌ دره‌نگانی ٦ی كانوونی یه‌كه‌م په‌سه‌ندكرا و بڕیار وایه‌ هه‌ڵبژاردنی داهاتوو له‌ سه‌ره‌تای مانگی ئازار ساز بكرێت. چه‌ند سه‌رچاوه‌یه‌ك به‌ IWPRیان راگه‌یاند كه‌ ئه‌مریكییه‌كان رۆڵێكی گرنگیان هه‌بوو له‌ دانووستانه‌كاندا.

"ئه‌گه‌ر ئامۆژگاریی ئه‌مریكا نه‌بووایه‌، ئێستاش پرۆسه‌كه‌ گیری ئه‌خوارد و یاسای هه‌ڵبژاردنیش په‌سه‌ند نه‌ده‌كرا،" تارق حه‌ڕب، ئه‌ندامی هاوپه‌یمانیی ده‌وڵه‌تی یاسای مالیكییه‌، وتی.

حه‌ڕب، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش، پێداگری له‌سه‌ر ئه‌وه‌ كرد كه‌ ئه‌مریكییه‌كان هیچ مه‌رجێكیان نه‌سه‌پاند. "ئه‌مریكییه‌كان ئامۆژگاری سیاسه‌تمه‌دارانی عێراقیان كرد – به‌ڵام ئامۆژگارییه‌كانیان ناچاری نین،" ئه‌و وتی.

"تێپه‌ڕاندنی یاسای هه‌مواركراوی هه‌ڵبژاردن ئاندی لێین، كارمه‌ندێكی راگه‌یاندنه‌ له‌ وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریكا، به‌ IWPRی وت، ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ عێراقییه‌كان.... ویلایه‌ته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئامۆژگاری پێشكه‌ش كرد و هانی لایه‌نه‌كانی دا به‌ڵام عێراقییه‌كان خۆیان بڕیاره‌ قورسه‌كانیان دا."

له‌گه‌ڵ نزیكبوونه‌وه‌ی هه‌ڵبژاردن، ره‌نگه‌ ده‌نگۆی به‌شداربوونی ئه‌مریكا له‌ كاروباری سیاسیی عێراق مشتومڕی زۆر دروست بكات.

یه‌كگرتووی ئیسلامی كوردستان حزبه‌ ده‌سه‌ڵاتداره‌كانی كوردستانی به‌وه‌ تۆمه‌تباركرد كه‌ ئه‌ویان په‌راوێز خستووه‌ و ملیان بۆ داواكارییه‌كانی ئه‌مریكا كه‌چ كردووه‌. یه‌كگرتوو به‌ لیستێكی سه‌ربه‌خۆ به‌شداری له‌ هه‌ڵبژاردنی په‌رله‌مانی عێراق ده‌كات.

"سه‌رم سوڕمانه‌وه‌ بۆچی فشاری ئه‌مریكا له‌سه‌ر جێگری سه‌رۆك كۆماری عێراق تاریق هاشمی كاریگه‌ری نه‌بوو كاتێك ئه‌و ڤیتۆی به‌رامبه‌ر به‌ یاساكه‌ به‌كارهێنا، به‌ڵام به‌داخه‌وه‌ كاریگه‌ری به‌سه‌ر كورده‌وه‌ هه‌بوو،" محه‌مه‌د ئه‌حمه‌د، به‌رپرسێكی باڵای یه‌كگرتووه‌، به‌ IWPRی وت. "پێم وایه‌ كورد به‌رامبه‌ر به‌ فشاری ئه‌مریكا لاوازه‌."

سه‌عدی پیره‌، ئه‌ندامی مه‌كته‌بی سیاسیی یه‌كێتیی نیشتیمانیی كوردستان، ئه‌و قسه‌یه‌ی ره‌تكرده‌وه‌ و وتی ئه‌مریكییه‌كان له‌نزیكه‌وه‌ به‌شدار بوون له‌ گفتوگۆكاندا به‌ڵام هیچ فشارێكیان دروست نه‌كردووه‌.

"له‌ هه‌ندێ به‌رپرسی عێراقیم بیستووه‌ كه‌ ئه‌مه‌ ده‌ستتێوه‌ردان بوو له‌ كاروباری ناوخۆی عێراق. به‌ڵام وا نه‌بوو، ته‌نها ئامۆژگاری بوو،" پیره‌ وتی.

له‌ وه‌ڵامی پرسیارێكدا ئاخۆ ئه‌مریكا هێشتا رۆڵی سه‌ربازی ماوه‌ له‌ عێراقدا، پیره‌ وتی نوێترین ته‌قینه‌وه‌كان و گرژییه‌كانی موسڵ و

کەرکوك "سەلماندیان کە هێزەکانی عێراق توانای ئەوەیان نییە کۆنترۆڵی شارەکان و سنوورەکان بکەن."

"ئەگەر هەڵوێستی ئەمریکا بریتی بێت لە درێژکردنەوەی مانەوەی هێزی هاوپەیمانان، ئەوە شتێکی خراپ نییە بۆ عێراق."

## مالیکی لەژێر فشاردایە

چەند هاوڵاتییەکی عێراقی کە لە لایەن IWPRەوە لەم هەفتەیەدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە پێیان باش بوو ئەمریکا بەردەوام بێت و لەم مەسەلانەدا بەشدار بێت. تەقینەوەکانی بەم دواییە و مشتومڕی یاسای هەڵبژاردن پێدەچوو ئەوەی بۆ دوپاتکردبنەوە کە ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا بکشێنەوە، ئەوا رەوشی عێراق، کە خۆی دەمێکە خراپە، خراپتر دەبێت.

"کشانەوەی ئەمریکا لە کاتێکی دیاریکراودا جڵەو بۆ وڵاتانی دراوسێ شل دەکات کە دەست بخەنە ناو کاروباری عێراقەوە چونکە عێراق توانای سەربازی نییە،" عەلی مەهدی، پیاوی کارە لە تکریت کە شارێکی عەرەبی سوننەیە و رۆژگارێك بە بنکەی یاخیبووان دادەنرا، وتی.

عادل عەبدولکەریم، پیاوێکی بێکارە لە شاری بەسرە، وتی زیادبوونی توندوتیژی لە ماوەی بەر لە هەڵبژاردنەکان دەبێتە هۆی دواخستنی کشانەوەی ئەمریکا، "پێشبینی کێشەی زیاتر دەکەم و گەڕانەوەی توندوتیژیی تائیفیش بەدوور نازانم."

لەگەڵ ئەوەشدا، هەبوونی هێزەکانی ئەمریکا ناکۆکیی قووڵی لێکەوتۆتەوە. زۆرێك لە سیاسەتمەدارەکانی شەبەنگی تائیفی ئێستاش پشت بە هەڵوێستی توند بەرامبەر بە ئەمریکا دەبەستن لە ناوچەی دەنگدەرانیاندا.

ناسر روبەیعی، ئەندامی پەرلەمانە و سەر بە موقتەدا سەدرە، وتی باشترین شت ئەوەیە ئەمریکا لە بواری سیاسی و ئەمنیدا دووربخرێتەوە.

"هێزەکانی ئەمریکا هۆکاری پشت تەقینەوەکانن،" روبەیعی وتی. "ئەوە راست نییە کە بە کشانەوەی ئەو هێزانە رەوشی ئەمنی خراپتر دەبێت. ئێمە ئەزموونمان لەگەڵ هەبوونی ئەواندا هەبووە: هێشتا رۆیشتنی ئەوانمان تاقی نەکردۆتەوە، بۆیە ناتوانین بڕیار لەسەر ئەمە بدەین."

ئەمریکا، کە خەریکە گرنگی زیاتر بە شەڕی ئەفغانستان دەدات، هیچ ئاماژەیەکی نەکردووە سەبارەت بەوەی ئایا هێزەکانی خۆی دوای ٢٠١١، کە دوا کاتە بۆ کشانەوەی تەواوی سەربازە جەنگاوەرەکانی لە عێراق، دەهێڵێتەوە یان نا. ئەگەر ئەمریکا هێزەکانی بهێڵێتەوە ئەوا ئەنجامێکی ناپەسەندی لەناوخۆی ئەمریکا و لەلای زۆرێك لەو عێراقیانەی گومانیان لە پاڵنەرەکانی ئەمریکا هەیە لێدەکەوێتەوە.

تا ئێستا، بەشێوەیەکی رەسمی داوا لە هێزەکانی ئەمریکا نەکراوە رۆڵێکی کاریگەرتر بگێڕن لە بەرقەرارکردنی ئۆقرەیی لە بەغدا.

مالیکی دراوسێیە عەرەبەکانی عێراقی بە هاندانی هێرشەکان تۆمەتبار کردووە. تەقینەوەکانی پێشووتر خراونەتە ئەستۆی قاعیدە و ئەندامانی حزبی بەعسی یاساغ کە ئێستا لە سوریا پەناهەندەن.

هەروەها سەرۆك وەزیرانی عێراق پلەدارترین فەرماندەی لادا کە بەرپرسی رەوشی ئەمنی بوو لە بەغدا، رەنگە لەبەر ئەوەش بوویێت مالیکی ئەزانێ زۆرێك لە خەڵکی هێزە ئەمنییەکانیان بە تێوەگڵان لە تەقینەوەکان و کەمتەرخەمی تۆمەتبار کردووە.

مالیکی هۆشیاری داوەتە رکابەرەکانی تەقینەوەکان بۆ دەستکەوتی سیاسی نەقۆزنەوە. ناوبانگیی مالیکی وەك سەکردەیەکی بەهێز، کە دوای سەرکوتکردنی میلیشیا شیعەکان و کەمبوونەوەی توندوتیژی بەڕێژەیەکی زۆر بریسکایەوە، بەهۆی تەقینەوەکانەوە کەوتۆتە ژێر هەڕەشەوە.

هەندێ کەس دەڵێن دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمان – لە کانوونی دووەمەوە بۆ مانگی ئازار – بوارێکی زیاتر بە یاخیبووان دەبەخشێت تا چالاکی ئەنجام بدەن.

"دواخستنەکە هانی تیرۆرستان دەدات هێرش ئەنجام بدەن، بۆیە خەڵکی عێراق خراپبوونی رەوشی ئەمنی ئەخەنە ئەستۆی مالیکی،" حەڕب، لە هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا، وتی.

"هەڵبژاردن بۆیە دوا خرا تا پیشان بدرێت کە حکومەتی مالیکی شکستی هێناوە" حەڕب وتی.

جێگری سەرۆك کۆماری عێراق تاریق هاشمی، کە ڤیتۆکەی بووە هۆی دواخستنی یاسای هەڵبژاردن، وتی شتێکی هەڵخەڵەتێنەرە کاتێك بەرپرسان خەتاکە دەخەنە ئەستۆی کەسانی تر، چونکە بەشێوەیەکی سەرەکی تێکچوونی رەوشی ئەمنی هەڵەی ئەوانە.

لە عێراق نیڵ ئاڕۆن لە بەغدا و هەولێرەوە ئەم راپۆرتەیان نووسیوە. IWPR عەبیر محەمەد و موحەریری IWPR موحەریری ناوخۆیی لە عێراق چاڕڵز ماکدێرمد و موحەریری نێوخۆیی هێمن لهۆنی لە سلێمانییەوە بەشداریان لە نووسینی ئەم راپۆرتە IWPR موحەریری کردووە.

**Location:** Syria
Iraqi Kurdistan
Iraq
افغانستان
**Topic:** Special Report

---

**Source URL:** https://iwpr.net/ku/global-voices/%D9%BE%D9%87%E2%80%8C%D8%B4%DB%8E%D9%88%DB%8C-%D9%BE%DB%8E%D9%88%DB%8C%D8%B3%D8%AA%DB%8C%DB%8C-%D8%B9%DB%8E%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D8%A8%D9%87%E2%80%8C-%D8%A6%D9%87%E2%80%8C%D9%85%D8%B1%DB%8C%D9%83%D8%A7%E2%80%8C-%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%D8%B1%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%D8%AE%D8%A7%D8%AA